# ڕێگای گەل

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

دەورەی تازە | ژمارە ٣٠ | دووشەممە ١ / ٤ / ١٣٨٣ | June , 21 th , 2004




# لەو شوێنەدا کە پۆلا دروست دەبێ

زیندانیش زانکۆی شۆرشە . زیندان بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەمیشە لە لایەن هێزەکانی بێکردەوە و بێ ئێرادە و نائومێد پەرەی پێدەدرێت ، گۆرەپانێکە لـە گـۆرەپانەکانی بەرین و بەربلاوی خەباتی چینـایەتی . زیندان ناوەندێکە لـە ناوەندەکانی خەبات دژی دەسەلاتدارانی سەرمایە و پارێزەرانی سیستەمی سەرمایەداری . ناوەندێك کە لەوێدا خەبات توندتر ، ڕاستەوخۆ و ڕوو دەر ڕوویە و سیمای نەفرەت لێکراوی ڕێژیمی سەرمایەداری بە تەواوی و ئاشکرایی خۆی نیشان دەدات .

لاپەرەی ٢

## پەرەسیلکە

*پاشکۆی ڕێگای گەل تایبەت بە منداڵان*

**لیستەی شەهیدانی ڕێکخراو ، ئەدەبیاتی شۆرشگێرانە و یادی هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف**




ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاسپاردەێکە وەکو ڕێژیمی سەدام
لاپەرەی ٣

بیرەوەریەکانی یەکێك لە ژنانی زیندانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی
لاپەری ٧

بزووتنەوەی خوێندکارانی زانکۆ و خەباتی چینایەتی
لاپەری ٩

خەباتی مامۆستایان و داخوازیەکانیان
لاپەری ١٠

ووشەی سیاسی ((چەند ووشەێك لە بارەی ژیانی حیزبی))
لاپەری ١٢


**کار ، خانوو ، ئازادی – کۆماری فیدراتیوی شووراییی !**

## لەو شوێنەدا کە پۆڵا دروست دەبێ ...

ئەو پەیوەندیە پڕ لە پێچ و پەنایانەی کە لە چوارچێوەی سنووورداری زیندان حاکیمە ، قووڵایی ئەو ناوەرۆکە ئاشکرا دەکات کە ژیانی بە ڕواڵەت ئاسایی و بێ ئالوگۆڕی زیندانیی لە زنجیردا خۆی نیشان دەدات . ئەشکنجە و ئازیانە هەرچی تووندتر بێت لە هەمان حاڵدا کە خۆراگری بەکردەوەتر دەکات ، قووڵایی ئەم ناوەرۆکەیش قووڵتر دەکاتەوە . لە جەریانی ئەم ژیانە خوێناویەدا ، خۆراگرێک سەر هەڵدەدات کە سەرچاوەی تێگەیشتن و کینەی چینایەتی قووڵ و لە بن نەهاتوویە . گۆڕەپانەکانی چالاکی بەربڵاو لە جەریانی ئەم ژیانە بەڕواڵەت سادەیە ، شۆڕشگێران و کۆمۆنیستەکانی خۆراگر دروست دەکات و پۆڵا وشکە دەکات .

خۆراگری لە بەرانبەر ئەشکنجە و شێوەی پایەداری ، پەیوەندی لە گەڵ زیندانیەکانیتر و ڕەوتەکانیتری سیاسی ، پەیوەندیەکانی ناوخۆیی ئەم ڕەوتانە ، پەیوەندی دوولایەنەی هێزەکانی سیاسی ، پەیوەندیەکانی زیندانیانی سیاسی لە گەڵ زیندانیانی ئاسایی و غەیری سیاسی ، دەس نیشانکردنی ئەو زیندانیانەی کە بە خزمەتی ڕێژیم دەرهاتوون ، مەسەلەی پەیوەندی گرتن و شێوە و شێ وازەکانی جۆراوجۆری ئەو مەسەلەی پەیوەندی گرتن لە گەڵ دەرەوەی زیندان ، هەواڵ گیری و هەواڵ ناردن ، چاوپێکەوتن ، بازجۆیی ، دادگا ، ئەشکنجە ، هەڵسوکەوتی زیندانوانان لە گەڵ زیندانی ، شێوەی هەڵسوکەوت لە گەڵ گۆڕانی هەڵسوکەوتی زیندانوانان ، تەعسیری حەتمی و حاشا هەڵنەگری هەل و مەرج و بارودۆخی کۆمەڵگا لە سەر زیندان ، وەرگرتنی تاکتیکەکانی گونجاو لە گەڵ ئالوگۆڕی هەلومەرج و بارودۆخی کۆمەڵگا ، ئاسۆی تاکتیکەکان ، بەرپەرچ دانەوەی تاکتیکەکانی زیندانوانان ، دارابوونی لێکدانەوەی وردو دروست لە ڕووداوەکانی کۆمەڵگا و زۆر لە مەسەلەکانی سینفی و سیاسی ، ئەمانە هەموویان گۆڕەپانەکانی جۆراوجۆرن کە هیچ ئەشکنجە و ئازارێک ناتوانێ بەربەستی بکات. دواکەوتووترین و وەحشیترین حکومەتەکانی سەرمایەداری وەک کۆماری ئیسلامی تەنیا دەتوانن نە ناوەرۆک ، بەڵکو شێوەکانی ئاوا چالاکێک بگۆڕن .

هەڵچبەتە ئاوا پەیوەندیانەی ، خۆی بە خۆی لە سەرەتاوە هەروا و بە یەکجاری سەر هەڵ نادات . بۆ نموونە ئێمە بە یەکجاری و بەبێ هیچ پێشەکی و پرۆسەیێک لە حەرەکەت بە ناوەرۆکی ناوبراو ، شاهیدی پێکهاتنی یەکێک لە پەیوەندیەکان نابین . بەڵکو هەرکام لە وان ، چ بە تاک و چ لە پەیوەندی لە گەڵ یەکتردا ، بەرهەمی پرۆسەیێک لە حەرەکەتن ، پرۆسەیێک کە گرتنی کەسێکی شۆڕشگێر و خەباتگێر لە جەریانی ئەو قەرار دەگرێت .

لە گەڵ دەسگیری کە خۆی خاڵی گرێنگ و دەسپێکردنە لە ئاوا حەرەکەتێک ، جەریانێکی پەرە ئەستێنەرتر دروست دەبێ . بەرە بەرە فاکتورەکانی پەیوەندیەکانی دیاردەکانی زیندان لە شێوەکانی جۆراوجۆر لە هەمان سەرەتاوە لە دەورووبەری زیندانی و پەیوەندی ئەو لە گەڵ پەیوەندیەکانی نوێ پێک دێت و لە ڕەوتی پەرەوساندنی خۆیدا دەبێتە ژیان و خەبات لە نێوان کۆمەڵێک لە زیندانیان و بەشداری ئەوان لە پرۆسەیێک لە ڕووداوەکان و خەبات و خۆراگری .

تاکو ئێستا کۆمەڵێک هەڵسو کەوت کە لە لایەن زۆرێک لە هێزەکانی سیاسی بە نیسبەت مەسەلەی زیندان و زیندانی سیاسی کراوە ، بە هیچ شێوەیێک وەڵامدەری پیویستیەکانی شۆڕش نەبووە . ئێمە زۆرتر شاهیدی قسە و باس لە سەر وەحشیگەریەکانی ڕێژیم لە زیندان ، ئاشکرا کردنی ئەشکنجەکانی وەحشیانەی ئینسانکوژانی کۆماری ئیسلامی ، پایەداری و خۆراگری زیندانیان و قارەمانەتی پڕ لە حەماسەی ئەوان بووین ، کە لە شێوە و ناوە رۆک دا لەم سنوورە تێ نەپەریوە . نە ناوەرۆکی پەیوەندیەکان شێ کراوەتەوە ، نەهەڵسو کەوتێکی تەحلیلی دیاریکراو لە گەڵ ئەم مەسەلەیە کراوە . خۆراگری و پایەداری زیندانیانی سیاسی وەک جەریان و دیاردەیێکی کۆمەلایەتی چاوی لێ کراوە . ئەوەی کە تاکو ئێستا لە هەڵسوکەوت کە لە گەڵ زیندانیانی سیاسی باو بووە ، دوو شێوەی هەڵسوکەوتە کە لە شێوەدا جیاواز دینە بەر چاو ، لە حاڵێکدا لە ناوەرۆک دا ، یەکێک دەژمێردرێن . ڕوانگەیێک بە پرمەی گریان و شنەی خەم لە زیندان یاد دەکات و زیندان تەنیا وەک ئەشکنجەگا و شوێنێکی ترسناک دێنێتە بەرچاو کە ژیانی سیاسی وێران دەکات و بە شێوەیێک ترس دەخاتە ناو دڵی هێزەکانی خەباتگێر و شۆڕشگێڕ کە گوایە هەر دەسگیرێک مەرگی سیاسی بەدواوەیە . تەنیا قسەی ئەم ڕوانگەیە ئەمەیە کە بەردەوام قسە لە ، ڕابردوو و بارودۆخی زیندانەکانی پێشوو دەکات و بە هلسەنگاندنێکی بێ میشکانە دا لە نێوان هەلومەرجی ئەمڕۆ و هەلومەرجی ڕابردوو ، هەموو کات بەم ئاکامە دەگات کە هەلومەرجی ئێستای زیندان ، چی تر و بە هیچ شێوەیێک هەلومەرجێکی سازندە نیە .

ڕوانگەی دووهەم زیندان وەک شوێنێک دەزانی جیا لە کۆمەڵگا و پچرانێک لە خەبات هەڵێدەسەنگێنێ کە دەبێ لە سەر ناچاری تێپەری بکەین و ئەم تێپەراندنە بە چ شێوەیێک و چۆن بێت لە لای ئەم ڕوانگەیە گرێنگ نیە .

هەڵسوکەوتی یەکەم لە بەردەوامی خەبات لە کۆمەڵگا دەترسێ . لە تەحموولی دژواری و سەختەیەکانی خەباتێکی درێژخایەن بێ توانایە . لە یاساکانی خەباتی چینایەتی تێ ناگات ، و پیویستیەکان و لایەندار بوونی ئاوا خەباتێک ناناسێ . ئەو کەسانەی کە زیندان تەنیا بە شوێنی ئەشکنجە بەربەست دەکەن ، دەیانەوێ هەرچی زووتر لە دژواری و سەختی دەربازبن و ناتوانن سەختیەکان تەحموول بکەن .

ترس و هەرای ئەم ڕەوتانە لە هەڵسوکەوت لە گەڵ مەسەلەی زیندان لە قسەو باس کردن لە سەر جیاوازی زیندانوانان و شێوەکانی ئەشکنجە و گریان و خەم لە زەربەی کابڵ و تازیاندا بەربەست دەبێتەوە . ئەوان گوایە پیان سەیرە کە زیندانوانان لە بەرچی ئەشکنجە دەکەن ؟ لە بەر چی ڕەفتاریان لە گەڵ زیندانی خراپە !؟

ئەم ڕوانگەیە بە جێگای پەرەپێدانی ورەی موقاوەمەت بەرەبە ترس و هەراس دەدات . ئینسان بیر لەوێ دەکات کە ئەشکنجە تەنیا مەسەلەی زیندانی سیاسیە . ئەویش بەرادەیێک و لە ڕادە بەدەر تاقەت پرۆکێن و ترسناکە کە تەحموول کردنی مومکین نیە . ئەم ڕوانگەیە بە جێگای ئاشکرا کردنی ناوەرۆکی جینایەتکارانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ، ترس و هەراس تەبلیغ

## لەو شوێنەدا کە پۆڵا دروست دەبێ ...

دەکات و پەرەی پێدەدات . بەم شێوە لە هەڵسوکەوتە ئەو شتەی لە مێشکی ئینسان جێ دەگرێت و زیندان و ئەشکنجە لە بەر چاو دێنی و لەوێ تیدەگات ، ترس و هەراس لە چالاکی خەباتگێرانە بە هێز دەکات و زیندان و ئەشکنجە لە زەینی ئینسان دەکاتە شێبەرێکی ڕەش و نگریس کە وەک سێبەری مەرگ لە سەر سەری هەر ئینسانێکی شۆرشگێر خەریکە دەسوڕێ . خەونێکی ترسناک کە بەر بە حەرەکەتی زۆر لە ئەفرادی خەباتگێر لە شوێنەکانی کار و ژیان دەگرێ . واتە هەمان شتێک کە خواستی خۆدی ڕێژیمیشە و مەبەستی ئەشکنجە کردنەکانی فاشیستی خۆڵقاندنی ئەم جۆرە ترس و هەراسەیە . بە شێوەیێک کە کۆمەڵانی خەڵک هەمیشە لە ترسی سەرکوتدا شەهامەتی جم و جولیان نەبێت . گوایە زیندانیان شەو و ڕۆژدا لە ترس و دڵەڕاوکە بە خۆیان دەلەرزن و هەمیشە لە بیری ئازاری و دەرباز بوون لەم جەهەندەمەن .

ڕوانگەی دووهەم بە شێوەیێکی ئەساسی زیندان وەک ناوەندی خەبات نازانێ ، ئەوان زیندان وەک شوێنێکی بە تەواوی جیا لە کۆمەڵگا و مەسەڵەکانی خەباتگێرانەی ناوخۆی زیندان جیا لە مەسەڵەکانی‌گشتی خەباتی چینایەتی هەڵدەسەنگێنێ . لە ڕاستی دا ئەم ڕوانگەیانە لە کۆمەڵگا دا لە هەڵویستێکی بە تەواوی ئۆپۆرتۆنیستی و هەڵپەرەستانە سەر چاوە دەگرن و لەم ڕاستایە حەرەکەت دەکەن . زۆر سرووشتیە کە کەسانێک بەم ڕوانگەیانە کاتێک دەکەونە زیندان ، بی کردەوە و پاسیڤن لە بەرانبەر مەسەڵەکانی زیندان و هەموو هەوڵ و تەقەلایان بە مەبەستی پاراستنی خۆیان و دەرباز بوونیان تەرخان دەکرێت . ئەم ڕەوتانە خەڵک فێری تەسلیم و ئیعتماد کردن بە زیندانوان و سازگار بوون لە گەڵ هەلومەرجی خەفەت بار دەکەن .

ئەم دوو بۆچوونە بە نیسبەت مەسەڵەی زیندان لە پێکهاتنی جەریانی خۆراگری زیندانیانی سیاسی بە شێوەیێکی ئاشکرا ڕۆڵی ڕێگر و لە جەریانی پاکانە کرد نی زیندانیانی تەواب ڕۆڵی هاندەر و خێراکەریان هەبووە .




## ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاسپاردەیکە وەکو ڕێژیمی سەدام . « داوەر »

ماشینی جەنگی پێشکەوتووی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و بەریتانیا بە هێرش کردنە سەر عێراق کوشت و کوشتار و وێرانی و کاول کردنی لە سەرانسەری ولاتی عێراق لە گەڵ خۆی بە دیاری هێنا . پرۆژەکانی ئاو و بەرق ( کارەبا ) و نەخۆشخانەکان و خانووبەرەی خەڵکیان خاپوور کرد . هەزاران کەس لە ناو چوون و دیموکراسی پاوانخوازی بە ڕێبەرایەتی بەشدارانی گەورەی پیشەکانی جەنگی و نەوتی لە نێوان کەش و هەوای ترس و تۆقاندن لە سەر سفرەی دابەش کردنی دەسکەوت دامەزرا . شانۆی هێرش کردن بۆ سەر عێراق بە خۆڵقاندنی جەوی ترس و تۆقاندن و بە دروشمی دژایەتی لە گەڵ تیرۆریزم و مەترسی بە نیسبەت چەکی شیمیایی و کۆمەڵ کوژ لە گەڵ چاشنی دیموکراسی و دیفاع لە مافی مرۆڤ و لە ناو بردنی دیکتاتۆری تێکەڵاو کرا . دروشمەکان کە ئامانجیان هاورێیەتی بەشێک لە بۆچوونی ناوخۆیی و دەوڵەتە دواکەوتووەکان و دروست کردنی شک و گۆمان لە بیر و بۆچوونی ئاشتی خوازانی جیهان و داگیرکردنی ولاتی عێراق بە ئاسانی بوو ، دروشمەکان زۆر کارناسانە گەڵاڵە کران و خاوەنی لایەنەکانی ئینسانی و هەروەها ترس و دڵەڕاوکی بوون . لایەنە مرۆڤیەکانی بە ڕواڵەت دژی ئەشکنجە و ئیعدام ، پێشیل کردنی مافی مرۆڤ و کەڵک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی دژی گەلی کورد بوو کە بە هۆی دیکتاتۆری عەشیرەیی حیزبی بەعس سالیانی ساڵ دژی خەڵکی عێراق ئەنجام دەدرا . کەمتر کەسێک هەیە کە پێشیل کردنی ماقی مرۆڤ و کوشتاری بێرەحمانەی فەلەستینیەکان بە هۆی ڕێژیمی مەزهەبی ئیسرائیل تەماشا نەکردە بێت و یان ڕێژیمی ئیسلامی کە تووندترین و وەحشیانەترین کردەوەی دژی مرۆڤی لە بەرانبەر خەڵکی ئێران بەڕەوا دەزانێ و هەموو دەزانن کە هەموو ئەم ڕێژیمانە چ سات و سەوداێکیان لە گەڵ بەریتانیا و ئەمریکا لە پشتی پەردە و بە شاراوەیی هەیە . ئامانج لە گەڵاڵە کردنی ئەم مەسەڵە لە لایەن هێرش بەران ، چاوخشاندن بە سەر پێشیل کردنی ماقی مرۆڤ و دامەزراندنی دیموکراسی لە عێراق نەبووە و نیە و لە بنەڕەتدا ئیمپریالیزم لە گەڵ ئەم ئامانجە بێگانەیە !! ئەمریکا و بەریتانیا بە گەڵاڵە کردنی ئەم دروشمانە دەیانەوێت و لە داهاتوویشدا دەیانەوێ پێشگیری لە بیروڕای گشتی لە دژایەتی لە گەڵ شەڕ و ناڕەزایەتی بە کردەوەی ئەوان بکەن و ئەوانەی دیفاع لە ئاشتی دەکەن لە سەنگەریکی دیفاعی دابنێن . ئامانجێکی دیکەی شەرخوازان بە گەڵاڵە کردنی دروشمی خەبات دژی تیرۆریزم و چەکە شیمیایی و ئەتوومیەکان خستنی جەوی ترس و دڵەڕاوکی لە ناو خەڵکی ئەمریکا و بەریتانیا بوو و ترس و دڵەڕاوکی دوای شەڕی سارد و لە گەڵ ئۆپۆراسیۆنی تیرۆریستی ١١ی سیپتامبەر زەمینەیکی لە باری بۆ ئەم جۆرە پروپاگەندەیە پێک هێناوە و توانی بیروڕای گشتی لە ئامانجەکانی

←

## ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاسپاردەیکە . . .

هێرشی نیزامی بە لاڕێ بتات . غافڵ لەوەیٚ کە بە تاوتو کردنی زۆر بە ئاسان دەتوانی تێبگەی کە ولاتانی جیهانی سێهەم هیچ جۆرە جێگەی مەترسی بۆ ئەمریکا نین و ئەگەر خەڵکی ئەمریکا قەرار وایە کە بترسن ، دەبێ لە سیاسەتە دژی گەلی گەورە بەرپرسانی ئەمریکایی تووشی ترس و دڵەڕاوکە بن . لەو جێگایە کە زانست و تەکنۆلۆژیا بۆ بە دەست هێنان و ئەنجامدان و ڕاگرتن و کەڵک وەرگرتن لەم جۆرە چەکانە زۆر ئاڵۆز و دامەزراندنی کارخانە و بەرهەم هێنانی ئەم وزەیە لە دەستی چەند وڵاتی پێشکەوتووی پیشەیی جیهان و لەوانە ئەمریکا و بەریتانیایە . لەم ماوەیەدا دەرکەوتووە کە عێراق بە تەنیایی ناتوانێ دەست بداتە بەرهەم هێنانی ئەم جۆرە چەکانە . لە لایەکی‌ترەوە شاردنەوەی ئەم جۆرە چەکانە بەبێ ئامراز و تەکنولۆژی و شێوەی ڕاگرتن و شێوەی کەڵک وەرگرتن مووکین نیە و لەو جێگایەدا کە چەکە شیمیایی و ئەتوومی و میکروبییەکان بەشێکن لە چەکە ئەمنیەتی و ئەستراتیژی و لە ژێر کۆنترۆڵی وڵاتانی ڕۆژئاوایی پێشکەوتوو دایە و پێشکەش کردن و فرۆشتنیان بە هۆی کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکان بە بێ ڕەزامەندی دەوڵەت و ناوەندەکانی ئەمنیەتی غەیری موومکینە ، ئیدیعای ئەمریکا لە بلاوە بوونی چەکە بە کۆمەڵ کوژەکان و شیمیایی و میکروبی لە عێراق بە لە بەر چاوگرتنی کەڵک وەرگرتنی چەکە شیمیاییەکان بە دژی گەلی کورد لە حەلەبچە و لە شەڕی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دەتوانێ هۆی بوونی ئەم چەکانە لە عێراق بێت ، بەڵام دەوڵەتی ئەمریکا هیچ کات ڕای نەگەیاند کە عێراق بە چ شێوەیێک دەستی بەم چەکانە گەیشتووە ؟ بەڵام لە گەڵ ئاشکرا بوونی پەیوەندی شاراوە و ڕێکەوتننامە چەکە شیمیائیەکان لە گەڵ کۆمپانیای ئەمریکایی و دانی مووشەک و مەعمووریەتی رامسفیلد وەزیری بەرگری ئێستای ئەمریکا و یەکێک لە گەڵاڵە دارێژەرەکانی هێرشی نیزامی بۆ سەر عێراق و چاوپێکەوتنی لە گەڵ سەدام ، پەردەی لـە سەر ئەم جـۆرە پێوەنـدیانە هـەڵـدایەوە . سیـاسـەتی ناوچەیی ئیمپریالیزم پێویست دەکات کە ڕێژیمەکانی وەک عێراق و ئیسرائیل و ئێران و . . . . دامەزرێن و خەڵک بە تێکهەڵچوونە ناوچەیەکان مەشغول بکەن و قازانجی بە دەست هاتوو لەم شەڕ و ئاژاوە نیزامیانە بچێتە گیرفانی بەرهەم هێنەرانی پیشەکانی جەنگی و نیزامی ، پروپاگەندەی ڕێژیمی عێراق لە بوونی دوژمنانی وەک ئیسرائیل و ئەمریکا و . . . تێکهەڵچوونەکانی عێراق لە گەڵ ئێران و هێرش بردنە سەر کوێت ، بەرهەمی بیرکردنەوەی مێشکی سەدام نەبوو ، بەڵکوو ئەمە سیاسەتی ناوچەیی ئیمپریالیزمە کە بتوانێ ناوچەکە لە حاڵەتی نیزامی و کێ بەرکێی کۆکردنی چەک ڕابگرێ و پەرە بداتە توجارەتی چەک . لە لایەکی‌ترەوە لە قالبی ڕێژیمە دواکەوتووە دیکتاتۆرەکان بە دانی درۆشمی درو و دوور لە ڕاستی دیفاع لە وڵات تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی و دیموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بە تومەتی خیانەت بە وڵات ، سیخوڕی کردن بۆ بێگانە و . . . لە نا ببەن و لە یەکگرتووی خەڵک و خەباتی حەق خوازانەیان بە هۆی پەیوەندی ئەوان لە گەل هێزی خەڵکی ، بەرگری بکات . ڕێژیمی دیکتاتۆری سەدام توانی ئەرکی سەر شانی خۆی بۆ بەرگری لە بەربەرەکانی خەڵک لە بەرانبەر هێرشە داگیرکارانەکەی ئەمریکا و بەریتانیا تاکو تەسلیم کردنی عێراق جێ بە جێ بکات . دەوڵەتی ئەمریکا لە هێرش بۆ سەر ئەفغانستان شانسی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی هاوڕێی بوو و توانی بەشێک لە قەیرانی ماڵی پیشەی نیزامی لە بوودجەی ناوخۆیی قەرەبوو بکات و ئەزموونە نیزامیەکان بە قیمەتی تەوژم لە سەر بوودجەی ناوخۆیی و پەرەپێدانی قەیران بۆ پیشەکانی دیکە تاقی بکاتەوە . ماشینی جەنگی ئیمپریالیزم دوا بە دوای کانگاکانی دەوڵەمەند و لە بەردەست و بە قازانجی خێرا لە وڵاتانی جۆراوجۆرە کە بتوانێ جیا لە بە تالان بردنی سامان و کانگا گەورەکانی وڵاتان بە قازانجی بەشداره گەورەکانی پیشەیی شەڕ ، پەرە بە چالاکی بەشەکانی‌تری ئابووری بدات و لە ئاستی قەیرانی ماڵی سەرمایەداری پاوانخوازی کەم بکاتەوە . دوا بە دوای ئەم سیاسەتە و شانۆی تازە لە ناوبردنی وڵاتانی ئێران و کوریای باکوور و عێراق بە ناوی خەتی ئاژاوەگێری ، عێراقی لە دەستووری کاری خۆی دانا و دوای خۆش کردنی زەمینە لە بارەکان و تەوجیهی بیروڕای ناوخۆیی ئەمریکا لە بارەی عێراق پڕۆژەی خۆی لەم شوێنە دەستی پێکرد . لە درێژەی زەنجیرەی ئەم شانۆیەدا ، مەسەڵەی ئێران دەبێ بە جیددی بژمێردرێ . شانوویێک کە لە لایەن بەریتانیا دەستی پێکراوە و بە کودیتای ئەمریکایی ٢٨ی گەلاوێژ ڕێژیمی دیکتاتۆری شا و سەر بە ئەمریکای لەم وڵاتە حاکیم کرد . ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەر زەمینەی ئەدا و ئەتواری " ڕێککەوتنی " دژی ئەمریکایی ، زورنای هێرش بۆ سەر خەڵکی لێدا ، کۆمۆنیستەکان و خەباتگێران و تەنانەت منداڵان لە سێدارە دران و شۆڕشی دیموکراتیکی دژی ئیمپریالیستی تێک شکاند و بە وەرگرتنی سیاسەتی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی ناوچەکەی تووشی نائەمنی کرد . سەرکردەکانی ڕێژیم بە دانی درۆشمی مەرگ بۆ ئیسرائیل لە بەندەرەکانی باشووری وڵات ، تانکەکانی ئیسرائیلیان دەهێنایە ناو خاکی ئێران و لە وڵاتانی ئۆروپایی بە دوای چەک لە گەڵ دەڵاڵەکانی ئیسرائیل لە دەوری مێزێکی پورسانتدا وت و وێژیان دەکرد. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ درۆشمەکانی دژی ئەمریکائی درێژەی دایە پەیوەندی شاراوەکانی خۆی لە گەڵ ئەمریکادا . بە شێوەیێک کە سەرەرای درۆشمەکانی دژی ئەمریکایی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ساڵی ١٣٧٨ بە دەستی ئەندازیاران و . . . ئیسرائیلی سەر لە نوێ دروست کرا . ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هێرش بۆ سەر ئەفغانستان دەست دەداتە ڕێککەوتنی شاراوە لە گەڵ ئەمریکائیەکان و دەوڵەتی ئەمریکاش هەرووەها سوپاسی هاوکاری و یارمەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکات و تەنانەت سەرکردەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕای دەگەێنن کە ئەگەر هاوکاریەکانی ئێران نەبووایە ئەمریکا لە ئەفغانستان نەیدەتوانی سەرکەوتنی ئاسان بە دەست بهێنێ . دووائین هاوکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئەمریکا و بەریتانیا لە بارەی هێرش بردنە سەر عێراق ئەنجام درا . لەم کاتەدا ئەمـریکا لـە درێژەی سیـاسەتی دەست بـە

**تەنیا ڕێگای رووخاندنی کۆماری ئیسلامی ، مانگرتن و ڕاپەرینی چەکدارانەی گشتی**

### ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاسپاردەیکە . . .

سەر داگرتنی جیهاندا لە ڕێگەی هێزی نیزامی درێژە د ەدا بە پروپاگەندە و بە زەخت و گوشار خستنەوە لە رووسیا دەخوازی هاوکاری ئەتوومی خۆی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بپسێ و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان مەجبوور دەکات دامەزراوە ئەتوومیەکانی ئێران بپشکێنێ و نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پشکنینی چالاکیەکانی نەوەوی ئێراندا ، دەزگاکانی پالاوتنی ئورانیۆم دەدۆزێتەوە . رووسیایش لە ئاشکرا کردنێکی بێ وێنەدا لە ڕێککەوتنی نەوەوی پالاوتنی ئۆرانیۆم لە نێوان ئێران و کۆمپانیای بەریتانیایی و هۆڵەندی پەردە هەڵدەگرێت و ماوەیێک ناخایەنی کە ناوی کۆمپانیای ئەمریکائیش پێ زیاد دەبێ . ئەم ئاشکرا کردنە زۆر جیددیە و باندەکانی مافیائی نە تەنیا کانگاکانی ماڵی خەڵک بە تالان دەبەن بەڵکو ولاتیش تووشی رووخان و لە ناوچوون دەکەن و ئەگەر ئەم مەسەلەیە لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە چارەسەر نەکرێ و ئاوا ڕێککەوتنە شاراوانە ئاشکرا و باتڵ نەکرێ ، چاوەڕوانی هەمان نەهامەتێک کە بە سەر خەڵکی عێراق هات دەبێ بین . رەتکردنی هەمیشەیی لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پیلانێکی پڕ لە مەترسی وەکو چیرۆکی سەدام لە عێراق خەبەر دەدات تاکو جێگە پێی نیزامیەکانی ئەمریکا لە ئێران بکاتەوە و ولات بە دوو دەستی پێشکەشی ئەمریکا بکەن . دووهەم ئەوەی کە باندەکانی قازانج دار لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەم جۆرە پیلانە هاوکارن و بە دوای پلە و ریاسەت لە دەوڵەتی نوێی ئیستعماری داهاتوودان ، مەترسی زۆر جیددیە هەر چەند لەوانەیە کە ئەم خەتەرە بە هۆیەکانی چارەسەر کردنی مەسەلەکە و زەمانەتی ئەمنیەتی دڵخوازی ئیمپریالیزم لە عێراق درێژە بکێشێ . ئەمە بەو مانایە نیە کە خۆش کردنی زەمینە بۆ هێرش بردنە سەر ئێران وەلا دەنرێ . جموجۆڵی پرۆپاگەندەیی ئەم دووایانەی دەوڵەتی ئەمریکا لە بارەی پێشێل کردنی مافی مرۆڤــ و چالاکیە نەوەویەکانی ئێران ئامادە کردنی بیروڕای گشتیە بۆ هێرش کردنە سەر ئێران . خەڵک نابێ لە درۆشمە بێ ناوەرۆکەکـانی باندەکانی مافیای دەسەڵاتدار بـێ خەبەر بن و دەبێ زۆر وردبینانە بە دوای ڕێگە چارەسەرێک بگەڕێن و هەموو ئامانجەکانی پشتی پەردە ئاشکرا بکەن ، لەم ڕێگایەدا خەڵکی ئێران تەنیا نین و بیروڕای تێگەیشتووی جیهانی بە پێچەوانەی دەورانی ڕابردوو و پروپاگەندەی ئیمپریالیزم بە گۆرانکاریەکانی ناوخۆیی لە لایەن خەڵک لە ڕاستای قازانجی میللی و دیموکراسی خەڵکی پێشوازیی لێ دەکات . پێش لەوەی کە میلیتاریزمی هەوسار پساو بتوانی هێرش بکاتە سەر ولات دەبێ هەرچی زووتر پێکهاتە سەربەخۆەکانی خەڵکی هاوکات لە گەڵ هێرش بۆ سەر ڕێژیمی دواکەوتوو ، لە بەرانبەر هێرشەکانی ئیمپریالیزم ڕێک خست تاکو تووشی چارەنووسێک وەک خەڵکی عێراق نەبین . درۆشمەکانی گشتی نەتەوەگەرایی و ئیسلام گەرایی دەری خستووە کە نە تەنیا ناتوان بەرژەوەندی خەڵک لە بەر چاو بگرن ، بەڵکو بە دوو بەرەکی خستن لە ریزی خەڵکدا دەبنە هۆی لە ناوچوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و لە بەرانبەر هەر جۆرە مەترسێک خەڵکی بێ دیفاع بە حاڵی خۆیان وێڵ دەکەن . ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە سوار بوون لە سەر ئەحساساتی مەزهەبی و بە درۆشمی ئیسلام گەرایی باندە مافیائیەکان هاو لایەن لە گەڵ قازانجەکانی ولاتانی ئیمپریالیستی بە سەر ژیان و ماڵ و ناموسی خەڵک زاڵ کرد . ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە کەسانی مەزهەبی و هێزەکانیتری پێکهاتی تەشکیلاتی ڕێژیم بە خۆ بێنەوە و ئایندەی ولات لە گەڵ باندە مافیائیەکان گرێ نەدەن دەبێ هێرش کردنە سەر عێراق وەک عیبرەت و تەجرووبەیێک وەربگیردرێ کە بە چ شێوەیێک هێزەکانی پێکهاتی تەشکیلاتی ئیداری و نیزامی و حیزبی بەعسی ڕێژیم قوربانی بوون و کەوتنە بەر هێرشی تالانگەرانە . بەشداری کردن لە ئورگانەکانی سەرکوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگیری کردن لە بێکاری و داهاتی پێویستی رۆژانە چیتر وەلامی باش لەم کاتە نیە کە خەڵک بە قەناعەت بگەێنێ و دەبێ هەرچی زووتر لە ڕێژیم و باندە مافیائیەکان خۆ دوور کەنەوە و چـارەنـووسـی خـۆیان لـە گـەڵ باندەکانی مـافیایی ڕیـژیم گرێ نەدەن . ئـەمـە راستی یـەکـە کە لـە عێراقدا تەجرووبەی کرا . ئەو روشنبیرانەی کە هێشتا بیروکەی دەهـوڵی نێو بەتاڵی دیموکـراسی و ئازادی و ماڤی مرۆڤی بابی دڵی ئەمریکائیەکانیان لە سەر دایە بە خۆ بێنەوە و ئاگر خۆش کەری مەیدانی شەڕێکیتر لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست نەبن و بزانن کە دەوڵی ئازادی خوازی و دیفاع لە ماڤی مرۆڤی ئەمریکا بە جۆرێک گاڵتە جارە کە زۆربەی ولاتانی سەرمایەداری پێشکەوتوو و تەنانەت هێندێک باڵەکانیش لە ناوخۆی ئەمریکا و بەریتانیا بە نیسبەت ئەم ئامانجانە بەد گۆمان .

### پاشماوەی بیروەرییەکانی یەکێک لە ژنانی زیندانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

لە شەوانی پشوودا دوور لە چاوی هاوسەرەکەی دەهاتە ماڵی ئەوان ، کچی ١٦ سالان کە لە راستیدا مەعشووقەی سیغەئی پیاوی تەمەن نیونجی بوو . و لەبەر خاتری ترس لە ئاشکرا بوونی ئەو مەوزووعە لە نێوان هاوساو ناسیارەکانیان و ئارەزوی مردنی دایکی ئەم پێوەندیە هەروەها بەردەوام بوو ئەو دوو کچە گەنجە ئەم وەزعەییان باشتر لە لەش فرۆشی ئاشکرا بوو و سواڵ و یان مردنی کەسانی بنەماڵەکەیان لە برسیەتی و سەرما دەزانی . باس کردنی چیرۆکی راستەقینەی بنەماڵەکان بە تایبەت ژنان لە کۆمەڵگا زۆربەی راستیە تاڵەکان ئاشکرا و هەست پێکەر دەکات . لە بەر ئەمە تێکۆشام بۆ باس کردنی راستیەکانی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتە دواکەوتووئی و بی مافی ژنان لەو چیرۆکە راستیانە کە بە چاوی خۆم بینوومە کەڵک وەربگرم . بە هیوای ئەوەی کە لە ئاشکرا کردنی راستیە کۆمەڵایەتیەکان و سیمای راستەقینەی ڕێژیم بتوانرێ لەم خەباتە جیددیە هەنگاوێک هەڵگرت .

### پاشماوەی مانگرتنی کرێکارانی نانەواخانەکان...

سەربەخۆی خۆتان دەتوانن سەرەرای گەلاڵە کردنی داخوازیەکانی سینفی و سیاسی ، شاهیدی بەردەوامی خەباتێکی تێگەیشتووانە و کاریگەر بن تاکو وەدی هاتنی بە تەواوی داخوازیەکانی ڕەوای خۆیان . ئێمە سەرەرای پشتیوانی تەواو خۆمان لە مانگرتنی کرێکارانی نانەواخانەکان ، لەوان داواکارین تاکو بە دووری لە تەعسیراتی رووخێنەری دەستێوەردانی پێکهاتەکانی سەربە ڕێژیم لە ڕەوتی حەرەکەتی نارەزایی ئەوان ، لە سەر بەردەوام بوونی ڕێک خراوی حەرەکەتی نارەزایی خۆیان سوور بن . ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٨٣



## بەرز و بەرزیز بێت یادی
## هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف و هاوسەنگەرانی

ڕۆژی هەشتەمی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٣ ، ٢٨ ساڵ بە سەر شەهید بوونی سیمای ناسراوی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران ، ڕۆڵەی شۆڕشگێر و پڕ لە هەستی کرێکاران و زەحمەتکێشان ، خەباتگێری ڕێگای ڕزگاری و سوسیالیزم ، هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف ، یەکێك لە دامەزرێنەران و ڕێبەرانی مەزنی ڕێکخراوی ئێمە و ٩ هاوڕێتری فیدایی : مەحمەد ڕەزا یەسربی ، لایق مهرەبانی ، غولام عەلی خەرات پوور ، عەسگر حوسێنی ئەبردە ، عەلی ئەکبەر وەزیری ، مەحمەد حوسێن حەق نەواز ، تاهیرە خورەم ، یوسف قانع خۆشکە بیجاری و فاتیمە حوسێنی تێدەپەڕێ . لە هاوینی ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی ( ١٩٧٦ی زائینی ) هاوڕێ مەزن حەمید ئەشرەف و ٩ کەسێکی تر لە هاوسەنگەرانی پاش چەندین کاتژمێر شەڕی نابەرانبەر شەهید بوون .

« یادیان بەرێز و ڕێگایان پڕ لە ڕێبوار »

## بەرێز بێت یادی فیدائیانی شەهید لە مانگی پووشپەڕ

### چەکوچە خوێنی من لە دەستی کرێکار
### داسە خوێنی من لە دەستی جووتیار

مەنسوور فەرسا
مەهدی پەهڵەوان
عەبدوڵا سوفی
وەلی سوسەنی
کازم غەبرایی
بەهمەن ڕاست خەدیو
سیروس بارەند
حەسەن باقری
نەستەرەن ئاڵ ئاغا
گوڵرۆخ مەهدەوی
نادعەلی پوور نەغمە
یەحیا ڕەحیمی
غولام عەلی پوور نەغمە
مەحموود عەزیمی بلووریان
یەدوڵا زارع کاریزی
ئیسماعیل نەریمیسا
مەحەمەد ڕەزا قەساب ئازاد
عەلی ڕەزا ئەڵماسی
مەسعوود فەرزانە
شیرین فەزیلەت کەلام
حەمید سەفەری نەژاد
یوسف قانع خوشک بیجاری

عەبدولرحمان تەهماسبیان
ئەسفەندیار قوربانی
فاتیمە حوسێنی
محەمەد حوسێن حەق نەواز
تاهیرە خورەم
حەمید ڕەزا ماهیگیر
عەسگەر حوسێن ئەبردە
محەمەد مەهدی فۆقانی
غولام عەلی خەرات پوور
عەلی ئەکبەر وەزیری
حەمید ئاریان
محەمەد ڕەزا یەسربی
بەهزاد ئەمیری دەوان
ئەفسەر ئەلسادات حوسێنی
نادرە ئەحمەدی هاشمی
یەعقووب یەزدانی
ئەحمەد ڕەجەب نەژاد
عەبدوڵا سەعیدی بیدوختی
غولام ڕەزا جەلالی
خسرەو مایی
شەفیع ڕەمەزانی
غولام ڕەزا لایق مهرەبانی

سیمین تەوەکولی
عەلی خسووسی
کازم سەلاحی
ئەحمەد خورەم ئابادی
عەلی ئەکبەر حەق بەیان
ئەکبەر فەلاح
جەعفەر قەنبەر نەژاد
ڕەحمان کیا
حوجەت موحسێنی کەبیر
یەعقووب میرزایی
عەلی ناسری قەسەمی
فاتیمە نوری
نادر ئەیازی
عەلی ئەکبەر حەیدەریان
سینا کارگەر
عەلی ڕەزا زەریفی
عەلی ڕەزا بامیان چوبداری
حەمید ئەشرەف
مەنسوور بەهەشتی
محەمەد ڕەزا پەیرەو
عەبدوڵ ڕەزا داسار

### درسنـــگر

تو فاتحی !
دستان تو
سر گرم ساختن سنگر
مشغول کاشتن بذر دوستی ست

تو فاتحی !
تو فاتحانه ، فردای سرخ زود ،
آغاز تولد خودت را اعلام می
کنی
با هزار آفتاب
در چنین چهره اسارت شرق
ما
شکوفه های دستان بی زوال تو را
آب می دهیم

خسرو گلسرخی

# بیرەوەریەکانی یەکێک لە ژنانی زیندانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی



مافی ژنان بە هەموو شێوەکانی جۆراوجۆر دەکەوێتە بەر هێرش . ژنان لە بازاری کار دەکەونە بەر زوڵم و چەوساندنەوە و بە زایەفە دەژمێردرێن و لە مافی نایەکسان لە کۆمەڵگادا لە عەزابدان و هەروەها لە بی مافی و ڕۆڵمی زایەفەیی بنەماڵەکەیان لە ئەماندا نین .

سیستەمە سیاسیەکانی دەسەڵاتدار بە سەر کۆمەڵگادا لە سەر ئەساسی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژنان و ئاستی خەباتی ئەوان ڕوانگەی جۆراوجۆریان بە نیسبەت ژن هەیە ، کە دەکرێ بڕوانینە یاساکانی حاکیم و شێوەی هەڵسوکەوت لە گەڵ مافی ژنان و ئەو کات بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنان تاوتوێ لە سەر بکرێ . لەم بارەوە ئایدۆلۆژی حاکیم خاوەن جێگەیکی تایبەتە لە باس کردن لە سەر مافی ژن و یاسا و بەرنامەدانانی کۆمەڵایەتی .لە دەرەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی دەڕوانیتە مافی ژن و مافی کۆمەڵایەتی و تاکەکسی ئەو پێشێل و بە زایەفە دەژمێردرێ . ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش توانی بە کەڵک وەرگرتن لە ئایدۆلۆژی ئیسلامی یاساکانی ئەوپەری کۆنەپەرستی بە ناوی سزادانی ئیسلامی ، قەساس . دیە و بەردباران و ... پەسەند و بە هۆی حاکمانی شەرع جێ بە جێی بکات . لە گەڵ هێرش بۆ سەر مافی تاکەکسی و کۆمەڵایەتی ژنان ، ئەوان بە تەواوی کردووتە ژێر دەستەی پیاوان . ڕێژیم بە کەڵک وەرگرتن لە ئەحساساتی مەزهەبی و بە گەلاڵە کردنی درۆشمەکانی بە ڕواڵەت دژی چەوساندنەوە و یەکسانی خوازانە و بە زاهیردا مرۆڤــ دووستانە توانی هێندێک لە ژنان لە داخوازی خۆیان بۆ لای خۆی ڕاکیشێ بۆ دیفاع کردن لە دانانی یاسای دواکەوتووانە و تەنانەت ئەم جۆرە درۆشمانە لە هێندێک بوار توانی لە گەڵ داخوازیەکانی بەشێک لە لایەنەکانی دواکەوتووی کۆمەڵگا یەک بگرێتەوە . بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بکرێ بە مەسەلەی خۆداپۆشین و جێبەجێ کردنی مەسەلەکانی ئەخلاقی کە کۆمەڵگاش گرێنگیان پێ دەدا . بەڵام بە پروپاگەندەی حیجابی ئیسلامی بەکردەوە لـە پیاو سیمایکی زۆر ترسناک و هەوسباز لە پێش چاوی ژنان دروست کرد و زۆربەی ژنان لە بەر ئەوەی کە لە بەرانبەر ئاوا مەوجوودێکی مەترسی دار دەبێ خۆسان بپارێزن بە بێ گرێنگی دان بەوەی کە پیاو دەتوانی باوک ، برا و یان هاوسەر و هەروها هاوشێوە و دۆست و یاوەری ئەو بێ دەستیان دایە دیفاع کردن لە سیاسەتی ڕێژیم . لە یاساکانی ئێزدەواج و تەڵاق و سیغەش بە دوای دیفاع کردنە لە بەنرخی کەرەستە بوونی خۆی لە بەرانبەر کڕیار کە میرد یان ئاغای ماڵەوە ناوی لێ دەبردرێ و لە ڕووی مەزهەبیشدا حیجاب و عیبادەت لە پیاو بوو بە ئیمتیازێک بوو تێپەر بوون لە پردی سەر ڕێگا . ئەم شێوە بۆچوون و کردەوانە بە کردەوە دەبێتە هۆی بەهێز بوونی مافی خاوەن مڵکایەتی پیاو لە سەر ژن و ژنان لە ڕای شەرعی و یاسائی بوون بە مڵکی پیاوان و کۆماری ئیسلامی لە سێبەری هاورێەتی و نەزانی بەشێکی زۆر لە خەڵکدا ، دەستی دایە سەرکوتی بێرەحمانەی خەباتەکانی یەکسانی خوازانەی ژنان و بە ئیعدام کردنی ژنانی ئازادیخواز توانی ماف و ڕۆڵی ژن لە ناو کۆمەڵگا و لە ناوەوەی پێکهاتەی بنەماڵە سست و لاواز بکات . ڕێژیم هەڵسوکەوت و کردەوەی خۆی بە هێرش بردنە سەر مافی ژن و دانانی یاسای دواکەوتووانە دەستی پێکرد بە بێ مولاحیزە و ستایش کردنی ژن و ڕۆڵی ئەو ، هێرشێکی وەحشیانەی کردە سەر ئەو ژنانەی کە لە بەرانبەر کردەوەکانی ڕێژیم ڕاوەستا بوون . ئاشکرا کردنەکان و بەڵگەنامەکانی بە جێ ماوە از زیندانیە سیاسیەکان و ژنانی خەباتگێر دەتوانێ ڕوون کەرەوەی بۆچوون و کردەوەی یەکجار دواکەوتووانەی ڕێژیمی ئیسلامی لە بارەی مافی ژن بێت . ڕێژیم بە هۆی ترسی خۆی لە بوونی فاکتۆری تێگەیشتن و خستنەوەی هەستی ترس و دڵەڕاوەکە لە ناو دڵی ژنانی پێشکەوتوو لە سیاسەتی سووکایەتی و تێک شکاندنی ئەرزش و بایەخی ئەخلاقی زیندانیە سیاسیەکان لە ئەشکەنجەکانی خۆی کەڵک وەر دەگرێ . بەم هۆیە و خۆڕاگری زیندانیە سیاسیەکان و ئاشکرا بوونی ئەم شێوە جینایەتانە ، ڕێژیم لە گەڵ بێزاری بیروڕای گشتی لە کۆمەڵگا ڕووبەڕوو بووە . یەکێک لە وەحشیانەترین ئەشکنجەکان لە بارەی ژنان ، لە زیندانەکانی ڕێژیم ، پەلاماری جینسی و یان هەڕەشەیە بەو کردەوەیە و بە چەند شێوەی جۆراجۆر جێبەجێ کراوە کە لە بارەی زەهرا کازمی ، لە جیهاندا ڕێژیمی ڕیسوا کرد . یەکێک لە بۆچوونە دواکەوتووانەکانی ڕێژیم پەلاماری جینسی بە سەر کچانی باکرەیە پێش لە ئیعدام کردن کە کردەوەیکی زۆر بێرەحمانەیە . بۆ نموونە یەکێک لەو شتانەی کە بە چاوی خۆم بینیومە باسێ لێ دەکەم . ڕۆژێک کە بۆ لێپرسینەوێکی دووبارە بردمیانە

زیندانی ئێوین و یەکێک لە سلوولەکانی بەندی ٢٠٩ نزیکەی ئێوارە کچێکی خوێندکاری زانکۆ ( دانشجوو ) ٢٠ ساڵەیان هێنایە ئەو سلوولە ، ئەو لە خەباتگێرانی سیاسی و بڕوای بە سۆسیالیزم هەبوو . لە گەڵ دەزگیرانەکەی دەسگیر کرا بوو ، پاش یەک ساڵ دەزگیرانەکەی ئیعدام دەکرێ و خۆیشی چاوەڕوانی ئیعدام بوو پاش ساعەتێک ئەویان بانگ کرد و بە چاوی بەستراو بردیان . بوو منی باس کرد کە دادیار وتبووی حاکیمی شەرع لە حوکمەکەیدا ئیعدامیان پەسەند کردووە کە پێش لە ئیعدام دەبێ لە گەڵ کەسێکی عەقدی سیغەی بکرێ . ئەویان نزیکەی بەیانی هێنایەوە نازانم چ سەعاتێک بوو ، بیدەنگی تەواو لە نێوان ئێمەدا بوو و نەمدەزانی چی بڵێم یان چی دەبێ بڵێم ، ئەو هاتە ژوورەوەی سلوول و دەرگاکە داخرایەوە . چاوبەست و چارشێوە ڕەشەکەی لە سەر لابرد و لە لایەکەوە دانیشت و هەر دوو ئەژنۆی لە باوەش گرت و ئارام و بێ دەنگ دەگریا و منیش هەروا ، بەڵام هیچێکی نەدەگوت ، نیوەڕۆ هیچی نەخوارد ، تکام لێ کرد شتێک بخوات ، تەماشایەکی پڕ سەیری بە من کرد ، پاشان ڕووانیە گۆشەیێک لە سلوولەکە ، سەعاتێک تێپەری ، پاشان لە گەڵ بزەیێک و تەکەی دەست پێ کرد . ئەو وتی : بڕوانە لەم گۆشەیە سیمان تەرەکی خواردووە ئەو گوڵە تەماشا بکە خەریکی شین بوون و هاتنە دەرەوەیە . پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ، دەرگای سلوول بە دنگێکی ترسناک جارێکی دیکە کرایەوە ، ژنی پاسدار بە پێکەنینێکی کەرانە وتی زوهرە دوێنی شەو خۆشت ڕابوارد ؟ من ئەوەم تۆند لە ئامێز گرتبوو لە گەڵ یەک دەگریاین لە گەڵ دیتنی پاسدارە پاسەوانەکە دیسان هەمان غرور و ورەی بەربەرەکانی و خۆراگری لە دەم و چاوی وەدیار کەوت ، بەڵام ئەویان بۆ هەمیشە برد وەک زۆری دیکە کە ئێستاش نادیارن . ئەو بە شێوەی کورت و بەژانی زۆر وتی ئەویان بە بڕیاری شەرعی لە یەک شەودا بۆ پێنج کەس لە ئینسان کوژانی زیندانی ئێوین سیغە کردووە و بە توندی کەوتە بە زەبر و لێدان و تەجاوز ، دەم و چاوی حەیوانی و ترسناکی خۆیان بێ نیقاب کە ئاخرین ڕۆژەکانی تەمەنی تێپەر دەکرد نیشان دابوو . دەر کردنی ئاوا حوکمێک نیشان دەدا کە بۆ بە جێگەیاندنی یاساکانی سەدەکانی ناوەڕاست و هێرش کردن بۆ سەر مافی ژنان بە حوکمی ئاشکرا قەناعەت ناکەن و قازی و حاکیمانی شەرع لەم بارەوە یارمەتیان دەدەن . لێرەدایە کە خەبات بۆ بەدەست هێنانی مافی ژنان خەباتی جیددی ئایدۆلۆژیکی پێویستە . بە جێبەجێ کردنی یاساکانی سزادانی ئیسلامی و ئەحکامی شەرعی لەم چەند ساڵەی دوواییدا ، هێرشی کۆماری ئیسلامی نە تەنیا قەناعەتی بە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان و بیروڕای ژنان ناکات ، بەڵکو تاکو سنووری بنەماڵەش پەرەی پێدراوە . ڕێژیم بە دەرکردنی بڕیارەکان بۆ هێزەکانی ئەمنیەتی و ئینتزامی ، ڕەفتار و شێوەی حازر بوونی ژنان لە کۆمەڵ و کووڵان و شەقامەکان لە ژێر چاوەدێری ڕاستەوخۆ داناوە و بە ناوی لە بەرچاو گرتنی بڕیارەکانی ئیسلامی و پاراستنی حیجابی ئیسلامی ، ژنان و بنەماڵەکاندا بە تەواوەتی بەربەست کردووتەوە و بە دانانی گرووپە گەرووکەکانی جۆراوجۆر وەک مەفاسدی کۆمەڵایەتی و خۆشکانی زەینەب و . . . هیتد ، زۆربەی کچان دزران و ژنان تەجاوزیان پێ کرا . تەنانەت بە ئیعترافەکانی شەهرامی جەزایری کچانی دزراو لە شێخ نشینەکان سەریان دەر دەهێنا و بوون بە هاوکارانی ئیتلاعاتی باشێک بۆ ڕێژیم . لە ئێراندا لە چاوپێکەوتن لە گەڵ بنەماڵەکان و ژنان و کچان دەتوانرێ هەست بە قووڵایی ئەم کارەساتە بکەی لە ناو ئۆتوبوس ، تاکسی و شوێنی کار یان کووڵان و بازار هەمیشە باسی دەس درێژی و ئیستفادەی خراپ لە ژنان یان کچانی پێ گەیو یان منداڵ دەکرێ . کە زۆربەیێ ئەوان باسی مافیا و بەگشتیدا ئۆرگان و دامەزراوەکانی ڕێژیمە . لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بنەماڵە بە تەواوی بێ سەرپەنایە و باس لە مافی نەکراوە کە بە بچووکترین قەیرانی ژیان و بژیو و بێکاری ، پەلەقاژە دەکات و ئەم پەلەقاژەش پێش لە هەر شتێک زەرەو زیان بە کچان و ژنان دەگەیێنێ . پرۆسەی لەش فرۆشی ژنان و کچان لە بنەماڵە ئاسایەکان و ئیعتیاد یان شتێکی وەکو ئەو کە بە هۆی زەمینەیێکی بچووکدا بەم ڕێگەیە کێشراون پیشاندەدا کە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیکی زۆر فاسید بە سەر کۆمەڵگادا حاکیمە و بەو پەڕی بێڕەحمیدا تەواو منداڵان و ژنان و کچان دەباتە ڕێگای مەرگ و لە ناوچوون ، ئەو بنەماڵانەی کە تەنانەت بیریشیان نەدەکرد ڕۆژێک بۆ یەک پارو نان یان داو دەرمان خۆیان و منداڵانی نەخۆشی خۆیان خەریکی لەش فرۆشی بن .لە ساڵی ١٣٨٠ لە گەرەکێک لە گەرەکەکانی باشووری شاری تاران لە خانوویێکی سێ نهۆمیدا دەژیام . لە دوو نهۆمی دیکەدا دوو بنەماڵەی هەژار کرێچی بوون . پیاوی ماڵەکە ، لە دەستی خاوەن قەرزەکان ڕای کردەبوو ، هاوسەری خاوەن ماڵەکان بۆ کۆکردنەوەی کرێ خانووەکان دەهات لە ناوچەیێک کە سەر بە دەوروبەری شاری تاران ، ئاو و بەرق و خانوویان پلاک و ئادرەسی پۆستیان هەیە و زۆربەی نیشتەجیانی ئەو خانووانە داهاتیان لە ڕێگەی کاری کاتی و ڕۆژانە و یان دەس فرۆشیە ، لە نهۆمی خوارەوە بنەماڵەیێک کە ٢ منداڵی بچووک ، کوڕێکی ٣ ساڵان و کچێکی ٥ ساڵانیان هەبوو دەژیان ، بە تازەییش کۆرپەیەکی کچیان پێ زیاد کرا . ژنەکە جوان و ڕووخۆش بوو و لە مێردە ٣٠ ساڵەکەی کەم تەمەنتر بوو ، پیاوەکە زۆربەی کات بێ دەنگ و پەریشان حاڵ بوو . سیمایێکی زۆر سادە و لادێیانەی هەبوو و هەمیشە بە دوای پەیدا کردنی کارێک بوو ، کاری خۆی پێشتر دارتاشی بووە . بەڵام کارێکی بۆ پەیدا نەبوو . کارەکانی پێشووی ئەو هەمووی ڕۆژانە و کورت خایەن بوون ، جاروبار ژنەکە دەهاتە ژوورەکەی من و پاش دووپات کردنەوەی داخوازیە هەمیشەئیەکەی بۆ پەیدا کردنی کارێک بۆ خۆی یان مێردەکەی دەرد دڵی دەکرد . ئەو لە هەموو کەس بەو شێوەیە داخوازی کاری دەکرد . لە « حاج ئاغا » ی قسە دەکرد کە بەوان یارمەتی ماڵی دەدا و کارێکی کاتی بۆ مێردەکەی دۆزیوەتەوە . حاجی ئاغا پیاوێکی باڵا بەرز ، تەمەنێکی ناوەندی و بە عەینەکێکی زەرەبینی مات و ریشی ڕەش و قژی کورت لە گەڵ کوت و شەڵواری ڕەش و لە زاهیردا بێ دەنگ و ڕووترش بوو . حاجی ئاغا ئەو کاتەی کە مێردەکەی لە کار بوو لە گەڵ هێندێک پوول و مێوە و خواردن بۆ منداڵەکان و چەند شریتی ( نەواری ) ڤیدیویی دەهاتە ماڵی ئەوان و زەهراش پاش کردنە خەوی منداڵەکان لە ژووری بەرانبەردا خەریکی میوانداریەتی لە حاجی ئاغا

**بۆ پێشەوە بەرەو دامەزراندنی ئەنجوومەن و شووراکانی ئەیالەتی و وەلایەتی لە سەرانسەری وڵات**

بوو و پێش هاتنی مێردەکەی حاجی ئاغا ماڵەکەی بە جێ دەهێشت . مێردەکەی دەیزانی و ڕۆژ بە ڕۆژ کزتر و بێ دەنگ تر و خەمبارتر دەهاتە بەر چاو ، ڕۆژێک زەهرا بە گریان و ناڵەوە گۆتی کە دیسان مێردەکەی بێکار بووە و کارێک نادۆزێتەوە ، تەنانەت ئەو کاتانەش کە لە ماڵە ، حاجی ئاغا دێتە ماڵەوە ژن دەگریا و بە ناڵەوە باسی لێ دەکرد . پاشان تێگەیشتم کە مێردەکەی ئاگای لە منداڵەکانە و حاجی ئاغاش ئاواها بێ مینەت بوو کە بە دەنگی بەرز میردەکەی زەهرای بانگ دەکرد بوو بینینی فیلم . ڕۆژێک لە رێ ڕەوی چوونە ژوورەوەی خانووەکە ویستم بە بیانوێک لە گەڵ مێردی زەهرا قسە بکەم . هەستم بە وەزعی خراپی ڕۆحی ئەو کرد . چاوەکانی برپوە ئەرز و دەنگی لە بنی چاڵ دەهاتە دەرەوە . بە پێکەنینێکی ساختە دەمگۆت کە قەد نابێ و یان نایەوی ببیسێ ، هەروا لە ژێر لێو پەیتا پەیتا خۆڵکی دەکردم ئەو ژنە جووانە کە لەشی موعامڵەی لە سەر کرابوو بە ڕووتی لە بەرانبەری خواردن بۆ منداڵەکانی جوانتر لەو بوو . زەهرا بۆ دەرباز بوون لەم بارودۆخە پەتیا پەتیا دەیگوت کارێک بۆ مێردەکەم پەیدا بکەن . هەر لەو مانگە بوو کە ماڵێکی بچووکتر لە ئاخیری ئەو کۆڵانە بنەماڵەیکی کرێکارێکی سادەی ڕێگەی ئاسن لە گەڵ ٤ منداڵی ٨ تا ٢٥ ساڵەی ژیانیان دەکرد . باوکی ئەوان لە پائیزی ١٣٨٠دا بە هۆی ڕووداوێک لە شوێنی کارەکەی مرد . پوولێکی کەمێان دا بە بنەماڵەکەی ، گرانی و نەبوونی ، وەزعی بنەماڵەکەیان لەوەی کە بوویان خراپتر کرد ، دوو کوری ٨ تا ١٢ ساڵان و دوو کچی ١٦ و ٢٥ ساڵان لە گەڵ دایکی خۆیاندا لە گەڵ هەژاری و نەداری دەستەو یەخە بوون . کەسێک هەڵپەرستانە بە ناوی یارمەتیدان ، سەروکەلەی دیار دەبێ ، ئەو خاوەنی نووسینگەی کار لە یەکێک لە شەقامەکانی ناوەندی شار بوو ، کچە گەورەکە مەهناز باسێ دەکرد کە پیاوێک لە ناسراوەکانیان پێشنیارێ کردووە کە خۆشکە ١٦ ساڵەکەی بوو زۆر جوان و سادە بوو خوێندنی وەلانابوو و پیاوەکە بۆ کچە ١٦ ساڵەکە کریبوو و بە خوێندنی سیغەی مەحرەمیەت ! تەنیائی خۆی لە گەڵ ئەو کچە بەرِەسمی کردەبوو .

**پاشماوە لە لاپەرى ٥**

# بزووتنەوەی خوێندکارانی زانکۆ و خەباتی چینایەتی






ڕۆڵی خوێندکارانی زانکۆ لە خەباتی چینایەتی جەماوەری لە ئێراندا مەسەڵەیکی حاشاهەڵنەگرە و بە شێوەکانی جۆراوجۆر و لە شێوازەکانی جیاوازدا خوێندکارانی زانکۆ توانیانە ڕۆڵی خەباتگێرانەی خۆیان لە بەرەوپێش چوونی خەباتی چینایەتی لە ئێراندا بگێرن . هەر چەند خەباتی خوێندکاران خەباتێکی بەردەوام و کاریگەر بووە لە ڕەوتی خەباتی جەماوەری دژی ستەم و چەوسانەوەی دەسەڵاتدارانی حاکیمدا ، بەڵام هەر وەک بزووتنەوەکانیتری جەماوەری پەیوەندیدار لە گەڵ توێژ و چینەکانیتری کۆمەڵگادا خاڵی لاوازی خۆی هەیە و بە هۆی نەبوونی پێکهاتی سەربەخۆ و لە ئاکامدا دیار نەبوون و ڕوون نەبووی داخوازیەکانی گەلاڵە کراو وەک توێژێکی کۆمەڵایەتی نەیانتوانیوە تەعسیری ئەوتۆیان هەبێ لە سەر رادیکاڵیزە کردنی خەباتی جەماوەری و ئەم خاڵە گرێنگە لاوازیە بە نۆرەی خۆیدا بووەتە هۆی بەلاڕێ چوونی خەباتی ئەوان و چینەکانی دواکەوتووی کۆمەڵگا هەمیشە لە بیری سوود وەرگرتنن لە خەباتی ڕێک نەخراو و بێ بەرنامەی خوێندکارانی زانکۆ بە سوودی قازانج و بەرژەوەندی خۆیاندا و کاتێک کە بە مەبەستی خۆیان دەگەن و یان لە مەترسی پەرەگرتنی بزووتنەوەی خوێندکاری بەلاڕێی دەبەن و یان بە توندی سەرکوتی دەکەن .

لە بەر ئەوەی کە کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران وەک بێ مافترین و کەم دەرئامەتترین چینی کۆمەڵگان ، بە شێوەیکی ئۆتۆماتیکی ڕۆڵەکانی ئەوانیش وەک خوێندکارانی زانکۆکان بە شێوەیکی ڕاستەوخۆ تەعسیر لە وەزعی ژیان و بژیوی بنەماڵەکانیان وەردەگرن و لە باری ئابووری و سیاسیدا لە ژێر زەخت و گوشاردان و لە ڕەوتی خەباتی چینایەتی جەماوەریدا بەرەولای خەباتی سیاسی ڕادەکێشرێن . بەڵام گرێنگ ئەوەیە کە بە هۆی نەبوونی ڕێکخستنی سەربەخۆ لە ریزی خوێندکارانی زانکۆدا ئەوان و بزووتنەوەکەیان هەمیشە گورز و ئامرازی دەستی توێژ و چینەکانی سیاسی بورژوایی و وردە بورژوایی بوون . نەبوونی ڕێکخستنی سەربەخۆ لە ریزی خوێندکارانی زانکۆ لە ولاتەکەماندا نەبوونی تێگەیشتنی زانستی و چینایەتی بە دواوەیە و ئەم نەبوونە لە تێگەیشتن دەبێتە هۆی سووران لە دەور بازنەیکی ماندوو کەرەوە . دەرباز بوون لە حاڵەتی دەوردان لە سەر ئەم بازنەیە پیویستیی هەیە بە ڕێکخستنی سەربەخۆ و زانست و تێگەیشتنی چینایەتی . پەیوەندی قووڵ و بنەڕەتی لە گەڵ بزووتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ولاتەکەمان بۆ دەباز بوونی بزووتنەوەی دانشجوویی لە بنبەستی کە ئێستا تووشی بووە زۆر زۆر گرێنگ و پێویستە . ئەوان دەبێ لە ئاستی ناوچەیی و سەرانسەریدا خۆیان لە پێکهاتە سەربەخۆکان ڕێک بخەن و لەو ئاستەدا لە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ولاتەکەمان پشتیوانی بکەن و بە کردەوەیش پشتیوانی بە هێزی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە خەباتی خۆیان بە دەست بهێنن .

پەیوەندی راستەوخۆ و قووڵ لە نێوان بزووتنەوە خوێندکاران و بزووتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەبێتە هۆی رادیکاڵیزە بوونی خەباتی خوێندکاری ، هەروەها تەعسیری پەیوەندی بزووتنەوەی دانشجوویی لە سەر بزووتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەم شێوەیە دەبێ کە یارمەتی دەداتە ڕێکخستنی خێراتری کرێکاران و زەحمەتکێشان وەک چینێک کە دەتوانێ بە دوای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی دیموکراسی ڕاستەقینە و بەربلاو بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە دیاری بهێنێ

# خـەباتی مامـۆستـایـان و داخـوازیەکـانـیـان

زیاتر لە دوو دەیە بوو کە بزووتنەوەی موعەلیمان و قوتابیان بە شیوەیکی ئاشکرا و بەربلاو جموجۆلێکی دەرەکی لە خۆیانەوە نیشان نەدابوون . نەبوونی جموجۆلی موعەلیمان لەم ماوە دوور و درێژەدا نەک لە بەر خاتری رازی بوون لە رێژیمی کۆماری ئیسلامی و یان دابین کردنی سیاسی – کۆمەلایەتی ، بەڵکو هۆی ئەو مەسەلەیە دەبێ لە بێ دەنگی زاڵ بە سەر قوتابخانەکان ، نەبوونی یەکگرتوویی لە ریزی فەرهەنگیەکان و تێکەڵ بوونی بە زۆری هێزەکانی حیزبوڵلا لە نێو پەروەردە و فێرکردن بدۆزینەوە . لە یەکەم ساڵەکانی دامەزرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران برێکی بەرچاو لە هێزەکانی ئیتلاعاتی رێژیم و دەست و پێوەندەکانی حیزبوڵلاهی چوونە نێو ئامووزش و پەروەرش ( پەروەردە و فێرکردن ) و لەوێدا دەست بە کار بوون . ئێستا زیاتر لە دوو دەیەیە کە بە سەر ئەو ئاڵوگۆرانە تێدەپەرێ . جگە لە دەست و پێوەندەکانی رێژیم ئەوانیتر نەسڵێکی نوێن کە تێکەڵی فەرهەنگ بوون و ئێستاش لە رێژیم بێزارن ، هەر چەند لە ساڵەکانی رابـردوویشـدا ئەوان دژی رێژیم بوون بەڵام جەوسازیەکـان و ترس و تۆقندن و ئامادە بوونی چالاکی ئەنجوومەنی ئیسلامی لە هەموو قوتابخانەکان بە تایبەت ناردنی منداڵانی قوتابخانـە بۆ بەرەکـانی شەڕ لە گەڵ عێراق ، ئەو هۆیانە بـوون کە موعەلیمەکانی مەجبوور کرد تاکو بێ دەنگ بن . ئێستا وەزعەکە بە تەواوی ئاڵوگۆری بە سەر هاتووە و تێکەشتوویی سیاسی– کۆمەلایەتی خەڵک بە نیسبەت ناوەرۆکی رێژیم زیاتر بووە . لەم بـارەوە موعەلیمەکان و فەرهەنگیەکـان کـە بەشێکن لە پێشەنگان و زانایانی بیروبۆچوونەکانی گەشە ئەستێنەر بە تێگەیشتنی دروست لە وەزعی کۆمەڵگادا چالاکانە پێیان ناوەتە ناو گۆرەپانی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی . بزووتنەوەی سەربەخۆی موعەلیمان کە بە شێوەیکی بلاوە دەستی دایە بەربـەرەکانی و نارزایەتی دەربرین ، لە یەک ساڵی رابـردوودا بـە شێوەیکی رێـک و پێکتر هاتوونەتە نێو گۆرەپانی خەباتەوە . توێژی موعەلیمان لە کۆمەڵگای ئێراندا بەشێکە

لە توێەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا و بە گشتیدا ماف و مەزاێای کەمێکیان پێ دەدرێت ، لە دەربرینی نارەزایەتی دژ بە ئەم بێ عـەداڵەتیەی رێژیم ، ئەوان دەستیان دایە نارەزایەتی و خۆپیشاندانی ناو شەقامەکان . بە دوای دەنگدانەوەی خەبەری نارەزایەتی دەربرینی موعەلیمان لە تاران لە ساڵی ۱۳۸۱ خەڵکێکی بەرچاو لە کرێکارانی کارخانەکان ، خوێندکارانی زانکۆکان و قوتابیان و چین و توێژەکانیتری زەحمەتکێشی ناو کۆمەڵگا بە شێوەکانی جۆراوجۆر لە گەڵ موعەلیمانی نارازی هاودەردیان کرد . پاش ئەم هەنگاوەی موعەلیمان لە تاران ، حەرەکەتی نارەزایی موعەلیمان لە شارەکانیتری ئێران وەک ئیسفەهان و شیرازیش پەرەی گرت . کاتیک کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ بزووتنەوەی یەکپارچە و بەربلاوی موعەلیمان لە سەرانسەری ئێران بەرەو روو بوو ، لە رێگەی ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردنی سەر بە دەسەڵات و دەسکردی خۆی کە چیتر لە نێو موعەلیماندا تەعسیرێکیان نەمابوو دەستی دایە پووچەڵ کردنی بزووتنەوەی موعەلیمان لە ناوەرۆکی ئەسڵی خۆی . هەر دوو باڵی دەسەڵاتدار لە رێگەی پێکهاتەکانیان کە بۆ کی بەر کی لە گەڵ یەکتر پێکیان هێناون چوونە ناو مەیدانەوە . هەوڵ و تەقەلای پێکهاتەکانی سەر بە رێژیم ئەمە بوو کە بسەلمێنن کە ئامانجی موعەلیمان لە مەبەستێکی ئیسلامیە و بزووتنەوەی سەربەخۆ لە ئارادایە سەرکردەکانی رێژیم یەک بە دوای یەک کەوتنە جموجۆل و مورەکانی پسپۆری خۆیان بۆ دەرەوە دەنارد . باڵی خاتەمی بۆ بەسیج کردنی موعەلیمان بانگەوازێکی جیایان لە رێگەی ناوەندی تەربیەت موعەلیمی باهونەر دەرکرد و باڵی خامنەیی لە رێگەی خانەی موعەلیمانەوە خەریکی فرت و فێل بوو . ترسی رێژیم لـەوە بوو کە هەواڵی کۆبوونەوەی موعەلیمانی لە رۆژی ۲ی رێبەندانی ۱۳۸۱ لە بەرانبەر مەجلیسی شوورای ئیسلامی بە ئەنجام بگات . سەرەرای ئەم هەموو فرت و فێلانە، وشیاری موعەلیمان و بریاری جیددی ئەوان بۆ کۆبوونەوە لە بەرانبەر مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە رۆژی ۲ی رێبەندان بە ئەنجام گەیشت و زیاتر لە ۱۰ هەزار کەس لە موعەلیمان ، خوێندکارانی

زانکۆ و کرێکاران لە بەرانبەر مەجلیس کۆبوونەوەیان ساز کرد . ئەوان خوازیاری گفـت و گۆ لە گەل سەروکی ئەو کاتەی مەجلیس ( کەرووبی ) بوون . بەلاَم لەو جێگایە کە رێژیم دەیهەویست ئەم بزووتنەوەیە بێ بایەخ نیشان بدات خۆی لە تێکهەڵچوون لە گەل خۆپیشاندەران پاراست و بـە دوای رەت کردنی پیشنیاری گفت و گۆ لە لایەن کەرووبیەوە ، خۆپیشاندەران دروشمیان دژی رێژیم و سەرکردەکانی بەرز کردەوە . ئەم خۆپیشاندانە لە گەڵ هێرشی پاسداران و هێزی ئینتزامی بەرەو روو بوو و چوار رۆژ پاش ئەم حەرەکەتە ، موعەلیمان لە بەر درگای دەفتەری سەروک کۆمار کۆبوونەوەیکیتریان ساز کرد کە ئەم جارە هێرشی پاسداران و هێزەکانی بەکرێگیراوی رێژیم بۆ سەر خۆپیشاندەران توندتر و وەحشیانەتر لە جاری پێشوو بوو . ئێستا بزووتنەوەی موعەلیمان لە ئاستی سەرانسەری و هاوکات لە شارەکانی گەورەی ئێران سەرهەڵدەدات و ئەرکی موعەلیمانی پێشرەو و خەباتگێـرە کە ئیبتکاری کردووە بە دەستـەوە بگرن و بۆ رێکخستنی موعەلیمانی ولاَت و حەرەکەتی نارەزایی ئـەوان هەنگاوی بەکردەوە و جیددی هەڵگرن و لە پەیوەندی لە گەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشانی ولاَت بەردەوامی و تەعسیری حەتمی بزووتنەوەی موعەلیمی لە سەر بزووتنەوەی سەرانسەری جەماوەری ستەم لێکراو و چەوساوە تەزمین بکەن .

---

***پاشماوەی ووشەی سیاسی...***

لە مەسەلەکانی ئەساسی سیاسەتی کادێرانە لە حیزبێکی کۆمۆنیستدا . ئەسڵەکانی ئەم سیاسەتە بە شێوەیکی گشتیدا لە پەیرەوی ناوخۆیی حیزبی دەنووسرێ . ئاشکرایە کە هەڵبژاردنی کادێران و هەڵبژاردنی بەرپرسان لە سەر ئەساسی دۆستی شەخسی،هاو جیرانی،هاوشاری بوون، خۆشەویستی ، خزمایەتی و . هیتد تایبەتە بە سیستەمەکانی دواکەوتوو و ئەحزابی فەرمایشی دژی گەلی و نابێ لە حیزبی شێواز نوێ جێگایکی هەبێ .

**گۆڤارەکانی ، کار کمونیستی ، جهان کمونیستی ، دان اولدوزو ، رێگای گەل و هەروا تازەترین ئاگەیاندراوەکانی رێکخراو لە سایتی رێکخراو وەرگرن:**
**www.fedayi.org**

# بەشێك لە ڕاگەیاندراوەکانی کومیتەی کوردستان لە مانگی جۆزەردان

## کوشتاری خۆپیشاندەرانی کامیارانی هەوڵ و تەقەلا بۆ پەرەپێدانی جەوی ترس و تۆقاندن

کرێکاران و زەحمەتکێشان :

توێژەکانیتری ستەم لێکراو و بێبەشی کۆمەڵگا : ڕێژیمی سەدەکانی ناوەراستی کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوانی ئەو لە درێژەی سیاسەتی پەرەپێدانی کەش و هەوای ترس و تۆقاندندا بە مەبەستی داسەپاندنی هێز و دەسەڵاتی پووچەڵی سیستەمی ختکاو لە ناو قەیرانەکانی بێ چارەسەری سەرمایەداری وەلی فەقیهی کۆماری ئیسلامی ، هەر ڕۆژە خەریکی پەرەپێدانی کردەوەی جنایەت و کشتاری خۆیان و لە گۆرەپانی سەرکوت و خەفەخاندا ، دەستی بەکرێگیراوانی ئینسانکوژی ئەم سیستەمە قەیران دیتووە بۆ ئەنجامدانی هەر جنایەتێکی بێشەرمانە بە تەواوەتی لە لایەن سەرکردەکانی دەسەڵاتی تیرۆر و تۆقاندن ئاواڵە کراوەتەوە تاکو بارانی ڕەحمەتی سیستەمی سەرمایەداری وەلی فەقیهی شمولی حالی کۆمەڵانی بێبەش و ستەم لێکراوی وڵاتە لە زنجیرەکەمانیش بێت . ڕێژیمێك کە لە هەر لایێکەوە لە گرفتاری قەیرانەکانی ڕوو لە زیاد بوون و پەرەئەستێنەری ئابووری ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی و هەزاران هەزار گیر و گرفتیترە ، هەر کات کە خۆی لە گێژاوی ڕووخێنەری قەیرانەکانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەبینێ ڕوو دەکاتە سیاسەتی پەرەپێدانی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن لە ناو کۆمەڵگا و هەر دەنگێکی نارەزایی بە بێرەحمی و بە ئاگری چەك و کردەوەی قەهری دژی شۆڕشگێرانە وەڵام دەداتەوە . قتل و کۆشتار زەحمەتکێشانی ناوچەکانی سەر سنوور و تازەترینی ئەوان واتە لە کامیاران و بە دوای ئەو سەرکوتی خەڵکی نارازی ئەم ناوچەیە نە نیشانەی هێز و توانای دەسەڵاتداریەتی سەر تا پێ سست و لاوازی کۆماری ئیسلامیە ، بەڵکو بە تەواوەتی نیشانەی لاوازی و بێ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کۆنترۆڵ کردنی قەیرانی ڕوو لە زیاد بوون و پەرەئەستێنەریکە کە تووشی دەسەڵاتداریەتی نەنگینێ ئەو بووە . ئێمە وێڕای مەحکوم کردنی کردەوەی وەحشیانەی کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوانی لە شاری کامیاران و سەرکوتی خو ێناوی خۆپیشاندانی خەڵکی ئەم شارە لە لایەن بەکرێگیراوانی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی ، سەرجەم کرێکاران و زەحمەتکێشانی ستەم لێکراو و بێبەشی کوردستان بە درێژەپێدانی جووڵانەوەی نارەزایی و بەربەرەکانی کردنی ڕێك خراو بە دژی مانورەکانی بێ ئەرزش و پووچەڵی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی بانگەواز دەکەین . بێ گۆمان تەنیا وەڵامی شیاو و حەتمی لە بەرانبەر قەهری دژی شۆڕشگێرانە ، ئەنجامدانی قەهری شۆڕشگێرانە لە لایەن کۆمەڵانی بێبەشی ستەم لێکراوە و قەهری مادی تەنیا بە قەهری مادی دەرووخێ . ڕێکخستن و خەباتی تێکەیشتووانە تەنیا ڕەمزی سەرکەوتنی بێبەشانە و بەس . بە دامەزراندنی ئەنجوومەن و شووراکانی ئەیاڵەتی و وەلایەتی یەکگرتن و یەك ریزی پۆلائینی خەڵکی و بەردەوامی خەباتی تێگەیشتووانە تاکو سەرکەوتن بە سەر سیستەمی فاسید و روو لە رووخانی کۆماری ئیسلامی تەزمین بکەین . ٢٩ی گوڵانی ١٣٨٣

## پێکدادان لە نێوان زەحمەتکێشانی گۆندی هەزارخانی سەر بە مەریوان و بەکرێگیراوانی ڕێژیم

کرێکاران ، زەحمەتکێشان و کۆمەڵانی ستەم لێکراوی ئێران و کوردستان : بە دوای تەقە کردنی بەکرێگیراوانی چەکداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کارەوانێك لە و زەحمەتکێشانەی کە لەناوچە سەر سنووریەکان خەریکی موعامڵەی چای بوون ، خەڵکی تورەی گۆندی هەزارخانی سەر بە مەریوان لە بەرانبەر ئەم کردەوە جینایەتکارانەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم هێرشیان کردە سەر ئەوان و لە ئاکامی شەڕ و پێکدادان لە نێوان خەڵك و بەکرێگیراوانی ڕێژیم ٣ کەس لە چەکدارەکانی ڕێژیم برینداز بوون . کردەوەی دلێرانەی خەڵکی زەحمەتکێشی گۆندی هەزارخانی بێ گۆمان وەڵامی شیاوێکە بە جینایەتەکانی هەر ڕۆژەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم بە نیسبەت قەتڵ و عامی زەحمەتکێشانی ناوچە سەر سنووریەکان . ئێمە وێڕای دەربڕینی پشتیوانی خۆمان لە کردەوەی بە جێ و قارەمانانەی خەڵکی گۆندی هەزارخانی بە نیسبەت سزادانی ڕێژیم ، ئەوان بە درێژەپێدانی ئاوا جموجۆڵێکی شۆڕشگێرانە بانگەواز دەکەین . بێ گۆمان ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵك لە سەرەوەی هەر هێزێکی پووچەڵ و بێ ئیمانێکە کە ویستی ئەو سەرکوت و زوڵم و زور بە سەر خەڵکە . با کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ناوچەکانیتری وڵاتی لە زنجیری ئێمە بە ئیڵهام وەرگرتن لە ئاوا جموجۆڵانەی ساق بن لە سەر پەرەپێدانی جموجۆڵی کاریگەر و شۆڕشگێرانە لە بەرانبەر بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بە پێکهێنانی دامەزراوەکانی سەربەخۆی خەڵکی ، بەردەوام بوونی جموجۆڵی نارەزایی تاکو رووخاندنی سیستەمی زوڵم و ستەم و چەوساندنەوەی کۆماری ئیسلامی تەزمین بکەن . ٣ ی جۆزەردانی ١٣٨٣

## مانگرتنی کرێکارانی نانەواخانەکان لە سنە و هەوڵدان بۆ بەلاری بردنی جموجۆڵی نارەزایی

لە درێژەی نارەزایەتی کرێکارانی نانەواخانەکانی شارەکانی کوردستان و بە دوای گوێ ڕانەگرتنی بەرپرسان بە داخوازیەکانی سینفی ئەم توێژە زەحمەتکێشە ، ئەمڕۆ دووشەممە ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٨٣ کرێکارانی نانەواخانەکانی شاری سنە لە نارەزایی دەربرین بە نیسبەت هەلومەرجی نا لەباری کاری و وەزعی بژیوی خۆیان مانیان گرتووە و دەستیان لە کار کێشاوە . لە هەمان حاڵدا پێکهاتەکانی بە ڕواڵەت کرێکاری و سەربە ڕێژیم وەك خانە کارگر « خانووی کرێکار » ی سنە لە هەوڵ و تەقەلا بۆ بەلاری بردنی خەباتی سینفی کرێکارانی نانەواخانەکان و بەرپەرچدانەوەی حەرەکەتی کرێکاران بە دووپات کردنەوەی دووپات کراوەکان خوایش و تەمەنا و تکای لە بەرپرسان دەکات تاکو لانی کەمی داخوازیەکانی سینفی کرێکارانی نارازی لە لایەن بەرپرسانەوە لە سینی سواڵکەری هاوسفرەکانیان لە خانەی کارگر دابنرێ و بەم شێوەیەدا لە درێژەی حەرەکاتی نارەزایی و پەرەگرتنی ئەو بۆ شێوازەکانیتر بەرگری بکرێت . کرێکاران و زەحمەتکێشانی خەباتگێر : تەنیا ڕێگەی بەرپەرچ دانەوەی پیلانەکانی سەرکردەکانی ڕێژیم و بەکرێگیراوانی ئەوان لە پێکهاتەکانی سەر بە ڕێژیم ، یەکگرتوویی و هاوپشتی ئێوە لە پێکهاتەکانی سەربەخۆیە و بە دامەزراندنی پێکهاتەکانی ( پاشماوە لە لاپەرەی ٥ )

## ووشـــــەی ســـیـــاســـی

### چەند ووشەیێک لە بارەی ژیانی حیزبی

کونفرانس— کونفرانس بە مانای کۆبوونەوەی نوێنەرانی رێکخراوێکە چ سیاسی بێت یان کۆمەلایەتی ، زانستی و هونەری و . . . هیتد کە بۆ باس کردن لە سەر یەک یان چەند مەسەلەی دیاریکراو بەرێوە دەچێ و یان کۆبوونەوەی نوێنەرانی سیاسی دەولەتەکان و یان ئەحزابی ولاتانی جۆراوجۆر . کونفرانس کومیتەکانی حیزبی هەلدەبژێری و قەرار و بریارەکانی پیویست بۆ چالاکی داهاتووی رێکخراوی پەیوەندیدار دەدات و بۆ کونفرانسەکانی بەرزتر و بۆ کونگرەی حیزبی نوێنەر دیاری دەکات . مەودای کونفرانسەکان لە پەیرەوی ناوخۆیی دیاری دەکرێت . ئاشکرایە کە هەلومەرجی کار و چالاکی نهێنیدا ، کاتێک کە پۆلیس و راسپارەکانی حکومەت ، ئیمکان و دەرفەتی کار و چالاکی ئازادانە و ئاشکرایان لە رێکخراو و حیزبێکی سیاسی زەوت کردوون ، یاساکانی پەیرەوی ناوخۆیی و شێوەکانی رێکخراوەیی رێبەرایەتی کە رۆلێکی گرینگیان هەیە لە بەرێوەبردن و جێبەجێکردنی ئەسلی سانترالیزمی دیموکراتیک ، ناتوانێ رەعایت بکرێت و دەبێ شێوەکانی دیاریکراو و تایبەتی بۆ کار و چالاکی رێکخراوەیی و چالاکی حیزبی بدۆزینەوە تاکو لە زەبری پۆلیسی خۆمان بپارێزین و هەروەها بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆمان بە شێوەیێکی ئەساسی درێژە بە چالاکی خۆمان بدەین . لە هەمان حالدا نابێت ئەم شێوەانە لە ئۆسولی سەرەکی رێکخراوەیی حیزبی چینی کرێکار لابداتەوە .

رەخنە و رەخنە لە خۆگرتن— بریتیە لە ئۆسلوبی ئەساسیی تێگەیشتن بە نیسبەت هەلەکان و کەم و کوریەکان لە چالاکی و هەلسووڕانی حیزبی و لە ناو بردنی ئەوان و پێشگیری کردن لە دووپات کردنەوەیان . ئامانجی رەخنە و رەخنە لە خۆگرتن بریتیە لە پتەو کردنی یەکگرتوویی حیزب و چاککردنەوەی بەردەوامی شێواز و سیاسەتی ئەو . بە هۆی ئەم شێوەیەدا ( نیشاندانی کەم و کوریەکان و سەرچاوەکەیان و رێگای چارەسەر کردنیان ) ئەو کۆسپانەی کە لە سەر رێگای پێشکەوتنی حیزب وجودی هەیە لە ناو دەچێ ، ئەوەی کە کۆنە و دەبێ فرێ بدرێ ، ئاشکرا دەبێ ، ئەوەی کە نوێیە و پەرەئەستێنەرە و دەبێ بەهێز بکرێ ، دەس نیشان دەکرێ . رەخنە و رەخنە لە خۆگرتن ئامرازی هەرە گرێنگە بۆ بەشداری ئەندامانی حیزب لە دیاریکردنی سیاسەت و شێوازی حیزب و دابین کردنی چالاکی و هەلسوورانی کاریگەر و داهێنەرانەی ئەوان . رێزدانان بۆ ئەم ئەسلە و جێبەجێ کردنی ورد و دەقیقی ئەو بەلگەی زیندوو بوون و چالاک بوونی رێکخراوەکانە و بەرهەمەکەی بریتیە لە بەهێز بوون و پتەو بوونی ئەم رێکخراوانە . لە بواری گشتی کردنی ئەزموونەکان ، دەولەمەند کردنی مارکسیزم— لینینیزم لە ژێر تیشکی راستیەکانی دیاریکراو و هەلومەرجەکانی نوێیشدا ، رێزدانان بۆ ئەم ئەسلە گرێنگی تایبەتی خۆی هەیە ، لە بەر ئەوەی کە بە بێ گۆرینەوەی بیرورا و خەباتی بیروبۆچوونەکان لە گەل یەکتر و رەخنەگرتنی ئازاد ، ئاوا پێشکەوتنێک سەر ناگرێ . جێبەجێ کردنی ئەم ئەسلە بەر بە درێژەپێدانی هەلەکان و کەم و کوریەکان دەگرێ ، ناهێلێ تاکو هەموو شتێک بە شێوەیێکی دەسکرد بە بێ کەم و کوری خۆی نیشان بدات و عەینەکی باش بینی لە رادە بەدەر و فریوکار لە چاو بدرێت و سەرخۆشی سەرچاوە گرتوو لە سەرکەوتنەکان جێنشینی وشیاری روون بینانە و خەباتگێر بە مەبەستی وەدەس هێنانی دەسکەوتەکانی هەرچی بەرزتر بێت .و لە کۆمەلگاکانی سۆسیالیستی رەخنە و رەخنە لە خۆگرتن هێزی بزوێنەری گەشە کردن و پەرەساندنی کۆمەلگایە و هەر بۆیە رۆلی ئەساسی و گرێنگێک دەگێرێ .

رێبەرایەتی— حیزب بە شێوەیێکی گشتیدا پێکهاتێکە لە رێبەرایەتی ، هەستەی ناوەندی لە گەل کادێران و ئەندامانی سادەی حیزبی . رێبەرایەتی لە حیزبدا بە کۆمەلە ، بەلام مەسئولیەتەکان تاکەکەسیە . رێبەرایەتی بە کۆمەل یەکێک لە گرێنگترین ئۆسولەکانی ژیانی ناوخۆیی حیزبیە و یەکێک لە مەرجەکانی پاراستنی دیموکراسی حیزبی و یەکێک لە ئامرازەکانی دووری کردن لە سۆبژکتیڤ ( زەینی گەرایی ) و ولۆنتاریزم ( مەیل و ئیرادەی شەخسی ئەساسی تیئۆری و کردەوە دانان و راستیەکان لە بەر چاو نەگرتن ) ٥ . رێبەرایەتی بە کۆمەل حیزب لە شەخس پەرەستی کە دەتوانێ زەرەر و زیانی زۆر وێرانکەر بە حیزب بگەێنێ دەپارێزێ و رێبەرایەتی بە شێوەی زانستی دادەمەزرێنێ . بە شێوەیێکی کورتدا ، رێبەرایەتی حیزبی دەبێ : ١— فاکتەکانی پیویست سەبارەت بە هەر بابەتێک کۆ بکات و بە وردی و دەقیق بخوێنێتەوە .٢— ئەوان لە سەر ئەساسی پەروەردە و فێر کردنەکانی مارکسیزم— لینینیزم شی بکاتەوە .٣— لەم تەحلیلەدا ، درۆشمەکان و رێنوێنیەکانی کردەوە دەربێنێ . ٤— ئەم رێنوێنیانە و درۆشمانە بە کردەوە جێبەجێ بکات و چاوەدێری جێبەجێ کردنیان بکات و هەلەکان چاک بکاتەوە .کادێران یان هەلسووراوانی حیزبی ، هەستەی ناوەندی حیزب پێک دێنن کە بەرێوەبەری پێکهاتی حیزبن و دەبێ لە نێوان چالاکترین و تێگەیشتووترین ئەندامانی حیزبی و لە سەر ئەساسی هەلبژاردن و یان دانان دیاری بکرێن

کادێران— ئەم ووشەیە وەک ووشەکانی کادێری ئیداری ، کادێری تەکنۆلۆژی و فەنی و . . . هیتد زۆر بە کار دێت . کادێر واتە کارمەندی پسپۆر ، بە لێهاتوویی و تەجروبەی دیاریکراو کە لە بەشەکانی جۆراوجۆری ئیداری ، سیاسی و نیزامی و . . . هیتد بە شێوەیێکی بەردەوام خەریکی کار و چالاکیە . کادێران کۆمەلێکی ئەساسی کارمەندانی حیزبی و دام و دەزگای دەولەتی و یان سەندیکایی و . . . هیتد پێک دێنن . کادێری سیاسی بۆ هەلسووران و چالاکی حیزبی و جێبەجێ کردنی سیاسەت و وەدی هێنانی پروگرامی ئەو خاوەن گرێنگیی تایبەتە . ئەحزابی کۆمۆنیست سەرنجی تایبەتی دەدەنە پەروەردە و فێر کردنی کادێرانیان . شێوە و شێوازی ئامادە کردنی هەلومەرجەکان بۆ پێشکەوتنی هەلسووراوان و تێکەلاو کردنی کار و چالاکی کادێرانی لاو و کادێرانی کۆن و بە ئەزموون ، پەروەردە کردنی مارکسیستی— لینینیستی ئەوان ، بەهێز کردنی هەستی بەرپرسایەتی و داهێنەری و کار و چالاکی داهێنەرانەی ئەوان و لە بەرچاو گرتنی پێوانەی سیاسی ( رادەی ئیمان و جێگای متمانە بوون ) و پێوانەی بە کردەوە ( لێهاتوویی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکێکی دیاریکراو ) لە هەلبژاردنی بەرپرسەکان ( پاشماوە لە لاپەرەی ١٠ )

بروو خێ رێژیمی کۆماری ئیسلامی ، دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !